# سەدر و پرسی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی عێراق

05-12-2020

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی بچووککردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ ئاستی قەزا لەناو ئەنجومەنی نوێنەران و چەسپاندنی, موقتەدا سەدر پرسی بەدەستهێنانی زۆرینەی لەهەڵبژاردن و بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتوی عێراقی فرێدایە ناو گۆڕەپانی سیاسی و میدیایی عێراق

یاسین تەها|

لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی بچووککردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ ئاستی قەزا لەناو ئەنجومەنی نوێنەران و چەسپاندنی, موقتەدا سەدر پرسی بەدەستهێنانی زۆرینەی لەهەڵبژاردن و بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتوی عێراقی فرێدایە ناو گۆڕەپانی سیاسی و میدیایی عێراق[1]. گەلۆ، پاڵنەرەکانی ئەم گوتارە تازەیەی سەدر چین و لە بنەڕەتدا خواستی بەدەستەوەگرتنی حکومەتی داهاتوو لەلایەن سەدرەوە تا چەند کردەنییە؟

**ڕاگەیاندنی پێشوەختەی سەرکەوتن!**

پێشبینی و خولیای موقتەدا سەدر بۆ بردنەوەی زۆرێك لە کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتوو، لە هەژماری تویتەریی (صالح محمد العراقي) و لە زاری وەزیر و بەرپرسەکانیتری ڕەوتەکەیەوە زیاتر ڕوونکراوەتەوە. بە گوێرەی ئەوەش، سەدرییەکان لە پەرلەمانی داهاتوودا بەتەمای بەدەستهێنانی ١٠٠ کورسین بە پاڵپشتی دەوروبەری ٥ ملیۆن دەنگ.[2]ئەمەش لە ڕووی تیۆرییەوە، زۆرینەیەکی یەکلایان بۆ پێکهێنانی حکومەت بۆ دەستەبەر دەکات.

هەندێک ئەم لێدوان و وروژاندنە پێشوەختەی سەرکەوتن، بەنمایشێکی سیاسیی سەدر سەیردەکەن و هەندێکیتریش وەك ریکلامێکی پێشوەختەی هەڵبژاردن دەیبینن.[3]بەڵام بە وردبوونەوە لەهەنگاوەکانی ئەمدواییەی ڕێبەری ڕەوتەکە؛ موقتەدا سەدر، دەردەکەوێت کە هەڵپەی سەدرییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر جومگە گرنگەکانی عێراق شتێکی تازە نییە. ئەمەش لەسایەی ئەو هاوکێشە سیاسییە شڵۆقەی کە دۆخی وڵاتەکەی پێدا گوزەر دەکات و خول لەدوای خول گۆڕانکاریی کتوپڕو خێرا دەهێننە پێشەوە وەك: دوورخستنەوەی حیزبی دەعوە لە سەرۆکایەتی حکومەت (٢٠١٨)، ناچارکردنی عادل عەبدولمەهدی بە دەستلەکارکێشانەوە (٢٠١٩) و دواتریش دانانی مستەفا کازمی کە سەدر خۆی بە قسەکەری یەکەم دەزانێت لە دانانی، چوونکە مستەفا کازمی هیچ کورسییەکی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا نەبووە[4].

سەدر بۆ گەیشتن بەسەرۆکایەتی وەزیران چانس و دەرفەتی زۆری هەیە. ئەو پێیوایە خۆی و بنەماڵەکەی قوربانی گەورەی دەستی بەعسن، بە وتەی خۆی شەڕی ئەمەریکییە "داگیرکەرەکانی" کردووە و شەڕی داعشی کردووە و خاوەنی هێزی سەربازییە (سرايا سلام). هەروەها پێیوایە کە شەڕی بۆ چاکسازی کردووە و لە خۆپیشاندانەکانیش بەشدار بووە. لەوانەش گرنگتر، خاوەنی بنکەیەکی جەماوەریی بەهێزە کە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی پێ دەبەخشن.[5] یاسای هەڵبژاردنی ئێستا کە عێراقی کردووە بە ٨٣ بازنە، دەرفەتی زیاتر دەدات بەو گردبوونەوە و کۆمەڵگا سەدرییانەی لەبەغدا و شارەکانیتر هەن، تا لەهەموو لایەنەکانیتری شیعە باشتر کەڵک لەدەرفەتەکان وەربگرن. جەماوەری لایەنەکانی دیکە پەرش و بڵاوە و وەکوو ئەوەی سەدرییەکان کۆکراو نین. بەگەڕانەوە بۆ تۆماری هەڵبژاردنەکانی رابردووش، ڕەوتی سەدر وەک جەماوەریترین تەوژمی ناو شیعە بەردەوام لەهەڵکشاندا بووە. بەجۆرێک، 30 کورسیی لە یەکەم هەڵبژاردنی 2005 بەدەستهێناوە، کەچی لە 2010دا کورسییەکانی بەرز کردووەتەوە بۆ 39 کورسی، لە 2014دا گەیشتووەتە 36 کورسی و لە 2018دا لەڕێگای هاوپەیمانیی سائیرون بە 54 کورسییەوە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە[6].

جگە لە گرەوکردن لەسەر هەڵبژاردن و چەکی (سرايا سلام)، سەدر هەندێ ڕێخۆشکەریی دیکەی کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەچەشنی: وەرگرتنی پۆستی ئەمینداریی گشتی ئەنجومەنی وەزیران (حەمید غزی), دانانی جەعفەر سەدری ئامۆزای بە باڵیۆزی عێراق لە لەندەن کە باوەڕ وەهایە بۆ کردنەوەی دەرگا دیبلۆماسییە دەرەکییەکانە بەڕووی ڕەوتەکەی. هەڵبەت لەگەڵ ئەم چانس و خاڵە بەهێزانەشدا ڕێگای سەرۆکایەتی وەزیران بۆ سەدر تەخت و بێ تەگەرە نییە، چوونکە پێشهاتێکی وەها، هەواڵێکی زۆر ناخۆش و شۆکهێنەر دەبێت بۆ ڕکابەرەکانی سەدر و هێزە شیعەکانی وەک نوری مالیکی، عەممار حەکیم. ئەمە جگە لە هێزەکانیتری وەک عەسایبی ئەهلی هەق و ئەو گروپە وەلائییە ئێرانیانەی بەمدواییە دروست بوون و ڕاستەوخۆ خۆیان بەدرێژکراوە و هەواداری ڕابەری باڵای شۆڕشی ئێرانی دەزانن و لایان قورسە بچنە ژێرعەباکەی سەدرەوە. ئەمە جگە لە مەسەلەی هەڵوێستی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی لەچەشنی ئەمەریکا و وڵاتانی کەنداو کە پێشینەی باشیان لەگەڵ سەدردا نییە و هێشتاش ڕوون نییە کورد و سوننە و کەمایەتییەکانیتری چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڵپە سەدرییەدا دەکەن، بەتایبەت کە سەدر لەبنەڕەتەوە دژی سیستمی فیدراڵی عێراق و کوردستانی بوونی کەرکوک و ریفراندۆمی سەربەخۆیی (٢٠١٧) بووە و زۆر جاریش خۆی لەسەروو ڕەخنە و گفتوگۆوە دەبینێت و ڕاوبۆچوونە سیاسییەکانی لەشێوەی فەتوادا بڵاودەکاتەوە.

بەر لەگەیشتن بەسەرۆکایەتی وەزیران، سەدر لەکێشمەکێش و ململانییەکی سەختدایە لەگەڵ ئەو خۆپیشاندەرانەی کە سەردەمێک ئەم پاڵپشتیان بوو. تەنانەت خۆشی بە عاشقی "شۆڕشی تشرین" ناساند[7]، کەچی لەوە بەدوا، بارگرژی نێوانیان گەیشتە ئاستی تۆمەت گۆڕینەوە و تەنانەت کوشتنی خۆپیشاندەرانیشی بەدەستی لایەنگرانی سەدر[8] تێکەوت. بەرلەوەی لەدوا هەنگاودا سەدر بڕێک پاشگەز ببێتەوە و بەپێی مەرج و بەندو باوی تایبەتی خۆی[9]داوای هاوپەیمانی بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی "گەندەڵکاران"، هەروەها بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو۔ ئەگەر ساز بکرێت لە ٦ حوزەیرانی ٢٠٢١ ـ بەدەسکەوت و بەرهەمی رەنجی خۆپیشاندەران لەقەڵەم دەدرێت و دروشمی سەدریش "پاڵپشتی چاکسازی" یە، پێویستی بەخۆ یەکلاییکردنەوە لەگەڵ ئەو بنکە جەماوەرییە هەیە. بەرلە بەرەنگاربوونەوەی رکابەرە سیاسییەکانی لە ململانێی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، دەبێ کیشەکانی لەگەڵ خۆپیشاندەران یەکلا بکاتەوە. ئەم هەنگاوە بۆ سەدر زۆر قورس و مەحاڵ نییە بەتایبەت زۆرجار سەدر لە ناوچەی خۆڵەمێشیدایە، هەر لەبەر ئەمەش پێی وتراوە "پیاوی سوپرایز و خۆگونجاندن لەگەڵ دژیەکییەکان"[10]هەروەها هەندێکی دیکە زیاتر رۆیشتوون و ناویان ناوە "سەرۆکی دژیەکییەکان"[11]، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی لەسەر هیچ شتێك ئۆقرە ناگرێت و هەر لەم میانەیەشدا بەدوور نازانرێت دوای خۆپیشاندەران هەوڵی رازیکردنی کورد و سوننە بدات.

[1] مقتدى السيد محمد الصدر (22/ 11/ 2020)، تغريدة على تويتر
https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1330518719303462912/photo/1

[2] بغداد اليوم () التيار الصدري يتحدث عن 3 أسباب تؤهله للفوز في الانتخابات المبكرة،
https://baghdadtoday.news/news/137786/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%8A%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AF%D8%B1%D9%8A-%D9%8A%D8%AA%D8%AD%D8%AF%D8%AB-%D8%B9%D9%86-3

[3] العراق اليوم (18/ 11/ 2020)، ائتلاف العبادي : تيار الصدر لن يحصل على 100 مقعد نيابي، http://iraqtoday.com/ar/news/46515/%D8%A7%D8%A6%D8%AA%D9%84%D8%A7%D9%81-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A8%D8%A7%D8%AF%D9%8A__%D8%AA%D9%8A%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AF%D8%B1-%D9%84%D9%86-%D9%8A%D8%AD%D8%B5%D9%84-%D8%B9%D9%84%D9%89-100-%D9%85%D9%82%D8%B9%D8%AF-%D9%86%D9%8A%D8%A7%D8%A8%D9%8A?latest

[4] مقتدى السيد محمد الصدر (30/ 11/ 2020)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1333470143503093761

[5] صالح محمد العراقي، تغريدة على تويتر (20/ 11/ 2020) https://twitter.com/salih_m_iraqi/status/1329845344763568130

[6] سى ان ان العربية، مصدر سابق؛ بى ب سى العربيه (19/5/2018): تحالف الصدر يفوز بالانتخابات البرلمانية في العراق، موقع بي بي سي عربي، https://www.bbc.com/arabic/middleeast-44178665 )

[7] مقتدى السيد محمد الصدر (2/2/2020)، تغريدة على تويتر، مقتدى السيد محمد الصدر (2/2/2020)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1224026664063115267/photo/1 )

[8] الجزيرة نت، عشرات القتلى والجرحى بعد اقتحام أنصار الصدر لساحة الاعتصام بالنجف، https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/2/5/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%85%D8%B8%D8%A7%D9%87%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%AC%D9%81-%D9%82%D8%AA%D9%84%D9%89-%D8%AC%D8%B1%D8%AD%D9%89

[9] مقتدى السيد محمد الصدر (30/ 11/ 2020)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1333470143503093761

[10] حارث حسن (28/3/2008)، "التيار الصدري: بين الشعبية والشعبوية"، مجلة الحوار المتمدن الإلكترونية، العدد 2234، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=129588&r=0

[11] محيى الدين حسين (24/10/2017): مقتدى الصدر.. رجل المفاجآت والتكيف مع التناقضات!، https://www.dw.com/ar/%D9%85%D9%82%D8%AA%D8%AF%D9%89